گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا

**امیرە حسین شەریف**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی – عێراق.

amerrahussain374@gmail.com

**پ.ی.د. فەرهاد علی مصطفی**

بەشی وەرزش، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، شەقڵاوە، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

Farhad.mustafa@su.ed.krd

**پ.ی.د. میقداد حسین طە**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی – عێراق.

taha@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/٩

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٨

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Perception, Creative, Attitude, History, Gender (female).*

## پوختە

کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان بە یەکێك لە ڕێگا سەردەمیەکان دەژمێردرێت کە گەشە بە کارامەییەکانی قوتابیان دەدات بۆ ئەوەی ئامرازەکانی بیرکردنەوە بەکاربهێنن.

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت :

1 – دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا.

2 - دیاریکردنی جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو لە کۆمەڵەی ئەزموونگەری .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.3.2

3 - دیاریکردنی جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو .
توێژەر دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی بەکارهێناوە بە شێوەیەك کە کۆمەڵەی ئەزموونی، بەپێی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان وانەییان پێگوتراوە، کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەشێوازی ئاسایی (باو) وانەییان پێگوتراوە .
- پێوەری بەکارهاتوو لەم توێژینەوە:
پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە کە لە (40) بڕگە پێکهاتووە.
لە دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی (SPPS-Version21)، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامە:
1 - بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی ئاڕاستە لە بابەتی مێژوودا لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونگەری.
توێژەر گەیشتووە بەم دەرئەنجامە:
1 - بەکارهێنانی کارامەیی فروانکردنی درکپێکرد و داهێنان لە گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو ڕۆڵیکی بەرچاوی هەیە، و وا لە قوتابیان دەکات زیاتر کارا بن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە بەبەراورد بە ڕێگەی پەیرەوکراو.
توێژەر چەند ڕاسپارەیەکی خستەڕوو: کارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو، کردنەوەی خولی مەشق پێکردنی مامۆستایان بە مەبەستی ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم شێوازە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# 1: پێشەکی و بایەخی توێژینەوەکە

## 1-1 پێشەکی:

تێڕوانینی نوێ بۆ پەروەردە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بریتییە لەپرۆسەیەکی دینامیکی پێشکەوتوو، ئامانجی فەراهەمکردنی ئەو ژینگەیەیە کە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە و توانایان پێدەدات، کە لەڕێگەی گەشەی هاوسەنگەوە سیفەتە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی جەستەیی و هزریی و دەروونییەوە بەدەست بهێنن، بەپێی چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگا. هەروەها تێبینی ئەوەش کراوە کەوا ئاراستەی باو لەبواری پەروەردەدا بریتییە: لەهاندانی نوێخوازی و پەرەپێدانی پەروەردەیی، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو، دروشمی نوێ لەژمارەیەك وڵاتانی پێشکەوتوو بریتییە لەوەی کە پێویستە نوێخوازی لەناو ناخی کاری قوتابخانەوە هەڵبقوڵێت، کە ئەویش لەلای خۆیەوە پشت بەڕۆڵ و ماندووبوونی مامۆستا دەبەستێت، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا کەوا شوێن پەنجەی بەسەر هەموو پایەکانی کاری قوتابخانەوە دیار بێت چ لەڕووی پلاندانان یاخود جێبەجێکردنەوە بێت. (عەبدولڕەحمان، 2014، 1)

پەرورەردە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکە لەپێناو بەدەستهێنانی دابونەریتە باوەکان و زانین و زانیارییەکانی کۆمەڵگا (محمد، 2021، 23)، هربرت سبنسر دەڵێت "پرۆسەی پەروەردەکردن، واتە ئامادەکردنی تاك بۆ ئەوەی ژیانێکی تەواو بژی" (فەتاح، 2018، 14).

پرۆگرامی خوێندن گرنگی تایبەتی هەیە لەسەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و هێنانەدی ئامانجەکان لەبونیادنانی کەسایەتی تاك و ئامادەکردنی لەڕووی هزر و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە. بابەتە کۆمەڵایەتیەکانیش بەیەکێك لەو بابەتانەی خوێندن دەژمێرێت، کە جێگیربووە لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەکاندا لەبەر ئەو پێگە گرنگەی کە ئەم بابەتە هەیەتی لەنێو زانستی خوێندن و توێژینەوەکاندا، بۆیە ئەم بابەتە بەیەکێك لەو بوارە گرنگانە دادەنرێت، کە توانای تاك زیاد دەکات بۆ بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی و تەندروست، بەئامانجی زیادکردنی لێهاتوویی قوتابی، چونکە ئامانجی خوێندن لەبوارە کۆمەڵایەتیەکاندا تەنها لەسەر وەرگرتنی بڕێکی زۆر لەزانیاری و چەمك و راستی نەوەستاون کە پێشترقوتابی وەری گرتووە، بەڵکو گەشەپێدانی لێهاتوویەکانە کە بەهۆیانەوە دەتوانین گەڕان و توێژینە وەبکەین و بگەینە ڕاستییەکان و بڕیاریان لەسەر بدەین. مێژوویش وەك لقێکی زانستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکان پێگەیەکی دیاری هەیە. ئەم پێگەیەش لەسروشت و گرنگی بابەتەکە بۆ کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە، ئەمیش توێژینەوە لەڕووداو و بابەت و گرفتەکان کە ڕووبەڕووی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێتەوە، هاوکات بەدواداچوونی گۆڕانکاریەکان بەشیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنی هۆکارەکان و ئەو دەرئەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە خوێندنی بابەتی مێژوو وەك بابەتێکی فێرکاری بەگرنگ و پێویست دادەنرێت بۆ قوتابی جا لەهەر ئاست و قۆناغێکی خوێندندا بێت. (قاظی، 2016، 4)

گوتنەوەی بابەتی مێژوو، قوتابی فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە دەکات لەڕێگای ڕخساندنی دەرفەتی شیکارکردنی ئەم هەڵوێستە مێژووییانەی تێدا دەژین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمەش وا دەکات بابەتی مێژوو مانادار بێت و خاوەنی ئامانجی دیاریکراوی خۆی بێت. (بکر، 2016، 2)

لەسەردەمی گۆڕانکارییە خێراکاندا، مامۆستا و پەردەردکاران دەبێ بەشێوەیەکی ئاوا مامەڵە لەگەڵ پەروەردە و فێرکردن دەکەن کە هاوکێشە و بابەتی فێربوون، هیچ سنوور و کات و شوێنەك ناناسێ، هەمیشە بەپێی گۆڕانکارییەکان، زانیارییەکانی خۆیان تازە بکەنەوە، بەجۆرێك کە بتوانن بێ ئاستەنگ خۆیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر بگونجێنن، ئەم سازان و گونجانەش، پێویستی بەفێربوون و هونەرکاری و لێوەشاوەیی تازە هەیە، تاوەکو بتوانی بەهۆی زانست و زانیارییەکان بەرەو رووی ئالنگاریی و پێشهاتەکان ببیتەوە، (حمەامین، 2012، 22)

بۆیە بەکارهێنانی ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوەی هاچەرخ، ئامانجی پەرەپێدانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری فێرکاریانەی مامۆستایانە لەناو پۆل و دەرەوەیدا، هەروەها بەشدارییش لەگۆڕینی ڕۆلی قوتابی دەکات لەدۆخێکی نەرێنییەوە بۆ ڕۆلیکی چالاك و زیندوو، ئەرێنی تاکو قوتابی بەدوای زانیاریی نوێدا بگەڕێت و بەرهەمهێنی بیرۆکە و بۆچوونی نوێش بێت. (کەریم، 2014، 1)

ڕێگای وانە وتنەوە یەکێکە لەگرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردە، لەبەر ئەوەی فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی ئامانجە (مەعریفی و رەفتاری و سۆزدارییەکانە، هەروەها هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و داهێنانە لەکایە جیاوازەکانی ژیاندا، بەتایبەتی دوای ئەو هەموو داهێنانە مەعریفی و زانستیانەی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرجەستە بووە لەوڵاتانی پێشکەوتوو، گرنگی زۆر بەڕێگا جیاوازەکانی وانە وتنەوە دەدرێت، لەبەر ئەوەی هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەکنەلۆژیای فێرکاری سەردەم، فاکتەرێکی گواستنەوە و گەیاندنی مەعریفی و زانیاری و داهێنانە زانستییە فرە ڕەهەندەکانن (حەمەدەمین، 2012، 14)

ئەم توێژینەوەیە، "کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی لایەنی دیکە"، بۆ زیاتر ڕۆشنایی و تیشك خستنەسەر، کاریگەری وانە وتنەوەیە بەشێوەی پەیڕەوکردنی بەرنامەی کۆرت (CORT) بۆ پەرەپێدانی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لای بەشێکی دیاریکراو لەقوتابییانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەبابەتی مێژوودا.

کۆرت: یەکێکە لەو بەرنامانەی لەزۆر وڵاتان بەکاردێت بۆ فێرکردنی بیرکردنەوە، کە لەلایەن (دی بۆنۆ) داهێنراوە،

ئەم بەرنامەیە، بەبەرنامەیەکی جیهانی دادەنرێت بۆ فێرکردنی بیرکردنەوە، دکتۆر ئیدوارد دی بۆنۆ لەساڵی 1970 دایناوە، هەروەها لەبەناوبانگترینی ئەو بەرنامانە دادەنرێت کە لەدەزگای توێژینەوەی مەعریفی (Cognitive Research Trust)ەوە دەرچووە. وشەی کۆرت (CORT) کورتکراوەی ناوی دەزگاکەیە، ئامرازەکانی بیرکردنەوە لەخۆدەگرێت و لەهەڵوێستی جۆراوجۆردا قوتابیانی لەسەر رادەهێنرێت و مەشقیان پێ دەکرێت و لەژیانی ڕۆژانەشدا ئەنجام دەدرێت، بەرنامەکە سەرکەوتنێکی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینی و وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانیش. بەشێوەیەکی راستەوخۆ تایبەتە بەفێرکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و لەشەش یەکە پێکدێت، هەر یەکەیەك دە وانە لەخۆدەگرێت، بەئاسانی پیادە و جێبەجێ دەکرێت و بەئاسانیش بەکاردەهێنرێت. (الجلاد، 2006، 152).

ئامانجی بەرنامەی کۆرت ئەوەیە کە بیرکردنەوە کارامەییەکە دەکرێ بەفێربوون و ئاگایی و مەشق و راهێنان چاکتر بکرێت، هەر ئەمەشە کە قوتابی سەرنجی دەداتێ. قوتابیان وا سەرنجی خۆیان دەدەن، بەوەی بیرمەندن، هەروەها قوتابییان ئامرازەکانی بیرکردنەوە دەناسن و شارەزای دەبن کە لەهەموو لایەنەکان و هەڵوێستەکاندا بەشێوەیەکی باش کاردەکەن، کۆرت تیشك دەخاتە سەر جوان بەکارهێنانی کۆمەڵێك (ئامرازی ئاراستەکردنی ئاگایی و هۆش) کە لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە تاك بەرەو بینینی زۆر لایەنی جۆراوجۆر دەبات، لەبارەی هەر شتێك و بیرکردنەوەشی لەدەرئەنجامەکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکردنی ئامانجەکان و پەیداکردنی بەڵگە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو شت و دۆخە و هاوشێوەکانی فراوانتر دەبێت. (دی بۆنۆ، 2008، 12 )، دی بۆنۆ وای دەبینێت کە مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی وانەکان بریتییە لەگرنگی دانی زیاتر بەوانەی بیرکردنەوە وەك کارامەییەکی بنەڕەتی و کارپێکردنێکی کرداری سروشتیانە و جێبەجێکردنی وانەکان، بەرنامەی کۆرت کۆمەڵێك زانیاری لەشێوەی ئامرازی عەقڵی دەبەخشێتە فێرخواز کە پاشان ئەو ئامرازانە دەبنە بەشێك لەزەخیرەی ئاکار و هەڵسوکەوتی قوتابی، بەرنامەی کۆرت بووەتە هۆی بنیاتنانی زانین (معرفی) و زمانەوانی ئاستبەرز، بەشێوەیەك ئەو قوتابییانەی کە خراونەتە ژێر ئەم بەرنامەیە، بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو تیایاندا دەردەکەوێت، ئەمەش بەپێی ئاماژەی ئاماریی(Warsham, 1983,  50-51).

لەم توێژینەوەیەدا، دوو یەکە سـەرەکی لەشـەش یەکەی بەرنـامەی کۆرت کـاری لەسـەر کراوە. فراوانکردنی درکپێکردن (توسیع الأدراك CORT1) هەروەها داهێنان (الأبداعCORT4 ).

بەشی یەکەمی کۆرت پێزانین (درك پێکردن – الادراك CORT1 ) بۆ فراوانکردنی بازنەی تیگەیشتنە (لای قوتابییان)، لەبەر ئەوە پێویستە لەپێش هەموو بەشەکانی دیکە بێت (دی بۆنۆ) ئەم بەشە بەبەشێکی سەرەکی دادەنێت بۆ وانە سەرەکییەکانی دیکە کە لەپاشان دێن، چونکە کارامەیی دەبەخشێ و دەتوانرێ بەهۆیانەوە بەشەکانی دیکەی لەسەر بنیات بنرێت. بواری پێزانین (درك پێکردن - الادراك) بەشێکی سەرەکییە بۆ پێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی بنەڕەتی کە تێگەیشتن بۆ هەموو شتێك فراوان دەکات و لەهەر بارودۆخێکدا کە تێیدا هەڵیبژێرین و بیری لێ بکەینەوە (DeBono, 2009, 9)

(توسیع الإدراك - درکپێکردن) پێك دێت لە دە وانە (چارەسەرکردنی بیرۆکەکان، بەهەند وەرگرتنی هەموو هۆکارەکان، بنەماکان، ئەنجامە لۆجیکییەکان، ئامانجەکان، نەخشەدانان، لایەنە گرنگە بەراییەکان، جێگرەوەکان، بڕیارەکان، ڕاوبۆچوونی ئەوانی تر ) چارەسەرکردنی بیرۆکەکان، قوتابیان فێری لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنی و وروژێنەرەکانی بیرۆکەیەك دەکات لە جیاتی پەسەندکردنیان، یان ڕەتکردنەوەی دەمودەستیان، بەهەند وەرگرتنی هەموو هۆکارەکا، قوتابی فێری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی هەر حاڵەتێکی نوێ دەبێت لە میانی لێکۆڵینەوەو خوێندنی هەر هۆکارێکی پەیوەستدار، نەك تەنها هۆکارە روون و ڕەوانەکان. بنەماکان، قوتابی لێرەدا هەردوو

ئامرازەکەی پێشوو بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی بنەماو هۆکارەکان بەکار دەهێنێت و لە کاتی دەرکردنی یاسا نوێیەکان لەبەرچاویان دەگرێت. ئەنجامە لۆجیکیەکان، ئاگایی قوتابیان جەخت لە سەر ئەنجامە هەنووکەییەکان و کورت مەوداکان و مامناوەندی ودوور مەوداکانی هەر کارێك یان هەر پلانێك، یاخود بڕیار، یان یاسایەك دەکاتەوە. ئامانجەکان، یارمەتی قوتابیان دەدات لە روونکردنەوەی ئامانجەکانی و ئامانجی ئەوانیتریش، جیاوازیش لە نێوانی و نێوان پەرچەکرداری دەمودەست دەکاتەوە. نەخشەدانان، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرەوە قوتابیان فێری چۆنیەتیی نەخشەدانان دەکات. لایەنە گرنگە بەراییەکان، لێرەدا قوتابی فێری دەستنیشانکردنی لایەنە گرنگە بەراییەکان و هەڵبژاردنی جێگرەوە گرنگ و بایەخدارەکان دەبن. جێگرەوەکان، لێرەدا قوتابی فێری خوڵقاندنی شرۆڤەکردن و کرداری جێگرەوە دەبێت لە جیاتی وەڵامدانەوە سۆزدارییەکانی دیاردە ئاشکراکان. بڕیارەکان، قوتابی فێری ئامرازەکانی سەرەوە دەبن لە کرداری وەرگرتنی بڕیاردا. راوبۆچوونی ئەوانیتر، قوتابیان بۆ پشکنینی راوبۆچوونی خەڵکانیتر ئاراستە دەکرێن (دی بونو، 2008، 7)

بەشی چوارەمی بەرنامەی کۆرت پێکدێت لە (داهێنان – الأبداع CORT4 ) ئەم بەشە وەکو بەشەکانی تری بەرنامەی کۆرت پێك هاتوە لە دە وانەی سەرەکی (بەڵێ-نەخێر-داهێنەر، بەردی خولاو، بەشداریکردنی هەرەمەکی، بەرهەڵستی کردنی چەمك-بیرۆکە، بیرۆکەی سەرەکی باو، پێناسەی کێشە، لابردنی هەڵەکان-دوورخستنەوەی هەڵەکان، بەستنەوە، پێداویستیەکان، هەڵسەنگاندن ) ئامانجی سەرەکی لەم بەشەدا و لە هەریەك لە وانەکانی، ڕاهێنانی قوتابیانە لەسەر دوورکەوتنەوەیی لە سنوربەندکردنی بیرۆکەکانی، بەڵکو بیرکردنەوەی بە شێوازێکی بەرفراوان بێت و لە دوایشدا ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ. (دی بۆنۆ، 2008 ، 8)

وەك ئەوەی لە وانەکانی (کۆرت)دا هاتووە، لە سەر مامۆستا پێویستە مەبەست، یان ئامانجی وانەکان وەبیربهێنێتەوە، کە ئەویش ئەنجامدانی هەندێك کارامەیی کاران، بە شـــێوەیەکی گشـــتیش نابێت وانەکانی کۆرت (4) لە پێناو مشتومڕکردنی داهێنان بەکاربهێنرێت، بەڵکو پێویستە جەختیش لە سەر هەڵسوکەوتی هەندێك ئامرازی بیرکردنەوەی هاندەری داهێنان بکرێتەوە، لە سەر ئامرازیش پێویستە کە سادەو ئاسان و مەبەستدارو کارا بێت و شایانی بەکارهێنانیش بن، ئەو ئامرازانەی لە کۆرت (4)دا

خراونەتەڕوو، لەگەڵ چەندین منداڵ و پێگەیشتوو بەکارهێنراون و تاقیشکراونەتەوە، هەروەها چەندین دامەزراوەی بڵاو لە جیهانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەکاریانهێناوە.

هەروەها دەکرێ جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە وانەکانی بیرکردنەوە لە کۆرت، تاقیکراوە، یان کاتی نین، بەڵکو بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکارهێنراون، ئەگەر مامۆستاش ڕووبەڕووی گرفتێك لە گرفتەکان بۆوە لە وانەکانی (کۆرت) ئەو کاتە کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی (دی بۆنۆ، 2007، 204)

یەکێکی تر لە تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەی ئاراستەی قوتابیانە بەرەو بابەتی مێژوو، چونکە تاکو ئێستاش ئاراستەکان تەوەری زۆر لە توێژینەوەکانن و بەشێکیشن لەژیانمان، بۆیە لەچوارچێوەی ئامانجە پەروەردەیی و ئامانجە ڕەفتارییەکاندا جێگەی بایەخپێدانن (عبدولرەحمان، 2015، 59)

بۆیە بابەتی ئاراستەکان بایەخێکی گەورەو بەرچاویان لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بە تایبەتی بابەتی مێژوو، لەبەرئەوەی لایەنی هەڵچوونی کەسێتیی قوتابیان لە گەشەپێدانی بەها پەرەوەردەییو خەسڵەتە ڕەوشتیو کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت و متمانەبەخۆبوون و هەندێك شێوازی ڕەفتارییانەی پەسەند بەهێزتر دەکات. هەروەها گەشەپێدانی ئاراستەکانیش لەو ئامانجانەن کە دامەزراوە پەروەردەییەکان کۆشش بۆ هێنانەدییان دەکەن (عبجل، 2008، 8).

ئاڕاستە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەفێربوون و بەجێ گەیاندن، ئاڕاستەکانی قوتابی بۆ بابەتەکانی خوێندنی و چالاکییەکانی فێربوون و ڕای لەبارەی هاوڕێکانی و مامۆستاکانی، کاریگەری دەبێت لەتوانای بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی فێربوون و ئەوەی حەزی پێ دەکات (عارف، 2015، 38)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە:

1- توێژینەوەکە دەبێتە هۆی بایەخدان بەبیرکردنەوە و گەشەکردنی هزری لای قوتابیان لەپرۆسەی فێربووندا، ئەمەش بەبەکارهێنانی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، بۆ زاڵبوون بەسەر گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەمی.

2- سوودمەند بوونی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت وانەی مێژوو، هاوکات بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنیش، دەبێتە بەرچاو ڕوونییەك، تاوەکو لەڕووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چۆنیەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانە گوتنەوە، ئەم میتۆد و ستراتیژییەتە پەیڕەو بکەن، هاوکات ئاشنای کێشەکانی وانە وتنەوە ببن.

3- کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی دەرکپێکردن و داهێنان، لە گەشەپێدانی ئاراستەیان بەرەو بابەتی مێژوو بەم شێوەیەی لەم توێژینەوە هاتووە، لەهەردوو لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکە، دەبێتە یەکەمین توێژینەوە لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا.

### 1 - 2 گرفتی توێژینەوە:

زۆرجار لەبواری پەروەردە و فێرکردن جەخت لەماناداری بابەتێك دەکرێت بۆ ئەوەی قوتابی بەسانایی بابەتەکە وەرگرێت و لێی تێبگات، هەرچەندە مامۆستا هەوڵبدات بۆ فێربوونی بەرامبەر ئەوەی دەیەوێت بیگەیەنێتە قوتابیانی، بەتایبەتی زۆرجار قوتابی تەنها وەرگر و بیسەرە بەڵام لەزۆر کاتدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە زۆربەی مامۆستایان شارەزاییان کەمە لەستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازە جۆراوجۆرەکانی وانە گوتنەوە کە زۆرجار تەنها ڕێگایەك بەکار دەهێنن، ئەمەش گەورەترین کێشەی فێرکردن و فێربوونە لەبواری پەروەردە بەتایبەت بۆ بابەتە وێژەییەکان، چونکە زۆرترینیان شێوازی وانە بێژییە (المحاضرە) یاخود کەمترین پرسیار و وەڵامە، خۆ ئەمانەش ئەگەرچی سوودیان هەیە، بەڵام ڕێگای هەمەجۆر و نوێمان هەیە بۆ فێرکردن و فێربوون، زێدەباری ئەمەش زۆرجار مامۆستایان بیریان تەنها لای ئەوەیە کە چۆن بتوانێ بابەتەکە تەواو بکات یاخود زۆرترین زانیاری پێشکەشی قوتابییان بکات، لەو کاتەشدا قوتابییان تەنها گرنگی بە لەبەرکردنی بابەتەکە دەدەن، ئەوان تەنها دەرچوون بۆیان مەبەستە بەبێ ئەوەی زۆرجار لەبابەتەکە تێبگەن یاخود تێبفکرن (حەمید، 2013، 40)

توێژەی لەمیانەی سەردانی بۆ هەندێك لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوشاری هەولێر و دیداری لەگەڵ هەندێ لەمامۆستایان، تێبینی چەند ئاستەنگێك لەهێنانەدی ئامانجی گەشەکردنی چۆنیەتی ئاراستەیان بەرامبەر بابەتی مێژوو لای قوتابیانی ئامادەیی دەکات. لەگرنگترینیان، شێوازی پەیڕەوکراو لەوانە وتنەوەدا، کە زۆر هاندەرنین بۆ گەشەکردنی بیر و زانین و هۆشیاریان، ئەوەش بەهۆی جەختکردنە سەر هەندێك پرۆگرامی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەسەر لەبەرکردن

(دەرخکردن) بەبێ تێگەیشــتن یا هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی زانیـاری لەلایەن قوتابیـان خۆیان.

وانەوتنەوە تەنها بۆ دەرچوونە لەتاقیکردنەوەدا، مامۆستا وانە و پرسیار ئامادە دەکا، شەرح و نموونە و روونکردنەوە کورت دەکاتەوە، دوای ئەوەی بەقوتابییەکانی دەڵێتەوە و پێیان لەبەر دەکا، ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم درکپێکردن و داهێنانی قوتابیان.

ئەمەش کێشەیە و پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە . هەر ئەمەش بوو توێژەری هاندا بیر لەشێوازێکی خوێندن و فێربوونی بابەتی مێژوو بکاتەوە کەقوتابیان ڕۆڵی ســەرەکی بنوێنن و چالاك و کارابن و حەز لە بابەتی مێژوو بکەن و بەلێوردبوونەوە و بیرکردنەوەی پێویسـت سـەرەدەری لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە مێژووییەکان دا بکەن.

توێژەر تێبینی ئەوەشــیکرد کە شــێوازەکانی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو، چالاکی تەواو و گونجاوی تواناکانی قوتابی تێدایە، تەنها لەراهێنانی پێویســتی کەمە بۆ گەشــەکردنی ویســتی قوتابیـان، لەخواســتە کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشــتن لەهەســت و ســۆز و پێداویســتییەکانی بەڕێوەبردن و رێکخســتنی هەڵچوون و داچوونە ســۆزدارییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی و هەســتکردن بەتورەبوونی خەڵکی دیکەش. ســەرەڕای جیاوازی توێژینەوەی بابەتی مێژوو لەهەمەرەنگی بابەت و چالاکییەکانی کە پەیوەستن بەژیانی قوتابیان و واقعی ژیانیان و ستراتیژیەتی گەشەکردنی ژیانیان، لەو روانگەیەوە، توێژەر هەستی بەپێویستی توێژینەوەیەکی مەیدانی بۆ وانەوتنەوە لەژێر کاریگەری پرۆگرامی CORT بەوردەکـاری (کـارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنـان) بۆ گەشــەپێـدانی ئاراستەکانیان بەرەو بابەتی مێژوو.

کێشەی ئەم توێژینەوە، لەم پرسیارەدا دەبینرێ:

* کاریگەری وانەوتنەوە بەپێی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان چییە لەگەشــەپێکردنی ئاراستە لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی لەبابەتی مێژوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1 -3 ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لەگەشـــەپێدانی ئاراســـتە بەرەو بابەتی مێژوو لەلای قوتابییانی (کچان)ی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەقوتابخانەی (بێخاڵ).

2- دیاریکردنی جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشــەکی و پاشــەکی لەگەشــەپێدانی ئاڕاســتە بەرەو بابەتی مێژوو لەکۆمەڵەی ئەزموونگەری .

3- دیاریکردنی جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشــەکی و پاشــەکی لەگەشــەپێدانی ئاڕاســتە بەرەو بابەتی مێژوو لەکۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو .

**1 - 4 گریمانەی توێژینەوەکە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم گریمانانەی داڕشت:

1- جیـاوازی واتاداری ئاماری نییە لەئاســـتی (5,,.) لەنێوان نـاوەنـدی ژمێرەی قوتـابییـانی کۆمەڵەی ئەزموونگەری کە بە بەکـارهێنـانی کـارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنـان و نـاوەنـدی ژمێرەی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەرێگای ئـاسـایی وەردەگرن لەگەشـەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو.

2- جیـاوازی واتاداری ئاماری نییە لەئاســـتی (5,,.) لەنێوان نـاوەنـدی ژمێرەی قوتـابییـانی کۆمەڵەی ئەزموونگەری لەهەردوو تاقیکردنەوەی پێشــەکی و پاشــەکی لەگەشـەپێدانی ئاراســتە بەرەو بابەتی مێژوو.

3- جیـاوازی واتاداری ئاماری نییە لەئاســـتی (5,,.) لەنێوان نـاوەنـدی ژمێرەی قوتـابییـانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لەهەردوو تاقیکردنەوەی پێشــەکی و پاشــەکی لەگەشــەپێدانی ئاراســتە بەرەو بابەتی مێژوو.

**1 -5 سنووری توێژینەوەکە:**

**1 – لایەنی مرۆیی :** قوتابییانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە قوتابخانەی (ئامادەیی بێخاڵی کچان) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2 – لایەنی ماوەیی :** وەرزی (یەکەم)ی خوێندن لە سـاڵی خوێندنی (2020-2021) لە ڕێکەوتی ( 7/ 2/ 2021 تاوەکو ٢٩/ 3/ 2021).

**3 – لایەنی زانیـاری :** توێژینەوەکە بەشـــی (یەکەم و دووەم) ی تـایبەت بە بەشـــی مێژووی پۆلی (یازدەهەمی وێژەیی) لە خۆ دەگرێت، کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردســتانی عێراق بڕیاری لەسەردراوە لە ساڵی (2015) چاپی چواردەهەم.

**1- 6 پێناسەکردنی دەستەواژەکان:**

**1- 6- 1 درك پێکردن: Perception**

ـــــــــــ ئەو کردەیەیە کە جیهانی دەرەوەمان پێ دەناسێنێ لەڕێگای بەئاگاهێنانی هەست (العجابی، 2002، 17) .

ــــ ڕێگایەکە بۆ دیاریکردنی هەڵســـوکەوتی مەعریفی تاك لەڕێگای زانیارییەکانی لەعەقڵدا هەیە و لەبیرهێنانەوە و خەیاڵکردن و هزر و بیردا خۆی دەنوێنێ (ناصر، 2003، 23)

**پێناسـەی توێژەر:** پرۆسـەیەکی عەقلانییە لەڕێگای ئەوەوە جیهانی دەرەوە دەناسـین، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هەســـتەکانمان وەری دەگرن بەشـــێوازی جیاجیای وەك ڕوناکی، دەنگ، گەرما، جوڵە و شـــتی دیکە.

**1- 6- 2: داهێنان: Creative**

ـــ داهێنان بریتییە لەبەرهەمهێنانی شتێك کە نوێ بێت لەدارِشتندا، گەرچی توخمەکانی پێکهاتەکەی لەپێشـــدا هەبووبن وەك داهێنانی کارێک لەکارە زانســـتییەکان، یان هونەرییەکان، یان وێژەییەکان (سلێمان، 2007، 6).

ــــ داهێنان ئەو پرۆسەیە کە دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی کارێکی نوێ و کۆمەڵێکیش لەو کارە نوێیە ڕازی دەبن و بەدڵیان دەبێت، یان وەك کارێکی بەکەڵك و ســـوودبەخش ناوی دەبەن (قەرەچەتانی، 2018).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێناسـەی توێژەر:** تێکڕای ئەو شتانەیە کە دەچنە چوارچێوەی بەرهەمهێنان، یان نوێخوازی و دۆزینەوەکاری (اختراع)ی شتێکی نوێی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگا.

### 1- 6- 3: ئاراستەی زانیاری

-ئەو لایەنگیریەیە کە تاك هەیەتی بۆ وەڵامدانەوە بەشێوازی رەفتاری دیاریکراو، بەرامبەر کەس یان بیرۆکە یان ڕووداو یان بارودۆخ یان شتی دیاریکراو، سیستەمکی ئاڵۆز دروست دەکات، کە کۆمەڵێکی فراوان لەگۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکان تیایدا کارلێك دەکەن (حسین، 2015، 19).

- ئاڕاستە بریتییە لەچەمکێکی دیاریکراو، گوزارشت لەئاستی وەڵامدانەوەی تاك دەکات بەرامبەر بەبابەتێکی دیاریکرا، وەڵامدانەوەکەش بەشێوەی پەسەندبوون و پەسەند نەبوون دەبێت (احمد، 2016، 61).

**پێناسەی توێژەر:** ئاڕاستە یارمەتی تاك دەدات بۆ بڕیاردان لەسەر شتێك یان بابەتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕەوان.

### 1 - 6 -4: مێژوو

- مێژوو ژیانی خەڵکانی پێشوو نیشاندەدات و وەك رێبەرێك لەژیاندا رێنمایی و هاوکاری مرۆڤ دەکات، بۆ لاوانیش سوودبەخشە بەوەی وایان لێ دەکات زووتر ئاشنای سەردەمی خۆیان بن و پەنجەرەکانی ژیانیان بەڕوودا دەکاتەوە و بواریان بۆ دەڕەخسێنێت تا باشتر ئەو هۆکارانە بناسن کە باڵیان بەسەر بەڕێوەچوونی رووداو و پێشهاتەکانی جیهاندا کێشاوە (زەڕینکوپ، 2001، 29) .

- مێژوو مرۆڤ بە کارە مەزنەکانی سەردەمانی پێشوو ئاشنا دەکات و هانی دەدات بۆ درێژەدان بە نەریتە جێ شانازییەکانی رابردوو، شەوق و زەوقێك بەرامبەر بە شتەکانی رابردوو لەلای مرۆڤ دروست دەکات، بەمەش جوانی بەژیانی ئێستا دەبەخشێت، لە کۆتایشدا وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە کە هەرچییەك رابردووە مەحکومی فەوتانەو هەرچییەك دێتە پێشی بەناچاری رۆژێ نامێنێت (عومەر، 2019، 81).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێناسەی توێژەر:** توێژەریش پێیوایە کە مێژوو بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە مێژوو ڕێنوێنی مرۆڤ دەکات بۆ زانینی هۆیەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی شارستانییەکانی پێشووتر و هێز و بەردەوامبوون و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی قەیران و ئەو گرفتانەی پێیاندا تێپەڕیون.

## 2: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### 2- 1 : ڕێباز (بەرنامەی) توێژینەوەکە:

توێژەر ڕێباز(بەرنامە) ی توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، بە هۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی کێشەی توێژینەوەکە. مەبەست لە دەستەواژەی ئەزموونی بریتیە لە گۆڕانی شتێك و تێبینیکردنی کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە لەسەر شتێکی دیکە (بکر، 2016، 58).

### 2-2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نموونەکانی :

### 1-2-2 : کۆمەڵگای توێژینەوەکە :

لە توێژینەوە پەروەردەیەکاندا، دەستنیشانکردنی کۆمەڵی توێژینەوەکە کارێکی گرنگە، لەبەرئەوەی یەکەم هەنگاو لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەدا، دەستنیشانکردنی کۆمەڵەکە کە جێگای بایەخپێدانە، واتە توێژەر دەیەوێت لەسەر چ کۆمەڵێك گشتاندن بۆ ئەنجامی توێژینەوەکەی بکات (کریم، 2014، 62)

کومەڵگای ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە قوتابیانی (کچان) پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆساڵی خوێندنی ( 2020 – 2021 ) کە پێکهاتووە لە ( 43) قوتابخانە و ژمارەی قوتابیەکانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بریتیە لە (1384 ) قوتابی، بۆپراکتیزەکردنی کاری توێژینەوەکە قوتابخانەیەك هەڵبژێردراوە.

### 2 - 2 – 2 نموونە (عەینە) ی توێژینەوەکە :

نموونەی توێژینەوە بەشێکە لەم کۆمەڵگاییەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، توێژەر هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەسەر بنەمای یاسای تایبەت بۆئەوەی وێنای کۆمەڵگاکە بکات بەشێوەیەکی دروست (البیاتی، 2013، 73) توێژەر قوتابخانەی (ئامادەیی بێخاڵ)ی کچانی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەست هەڵبژارد ئەوەش بەهۆی ئامادەبوونی بەرێوەبەرومامۆستایانی قوتابخانەکە لە هاوکاریکردنی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. هەروەها گونجاوی قوتابخانە کە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوە کە لە ڕووی باڵەخانەی قوتابخانە و پانتایی پۆلەکان و ژمارەی قوتابیەکانی.

دوای ئەوەی توێژەر سەردانی قوتابخانەی کرد بۆی دەرکەوت کە پۆلی (11) یازدەهەمی وێژەیی دوو هۆبەن کۆی گشتییان پێکهاتووە لە (47) قوتابی، (أ) (24) قوتابی، (ب) (23) قوتابی، پاشان بە شێوازێکی هەڕەمەکی سادە دوو کۆمەڵەکەی دابەش کردە سەر دوو هۆبە، (أ) بووە کۆمەڵەی ئەزموونگەری و هۆبەی (ب)یش بووە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، هەروەك لە خشتەی ژمارە (1)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (1): ژمارەی قوتابیانی نموونەی توێژینەوە

| کۆمەڵە | هۆبە | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | ژمارەی قوتابیانی نموونە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | أ | کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان | 24 |
| کۆنترۆڵکراو | ب | ڕێگەی ئاسایی | 23 |
| کۆی گشتی | | | 47 |

## 3-2 : دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە:

توێژینەوەی ئەزموونگەری پێویستی بەدیزایینێك هەیە ببێتە چوارچێوەی گشتی ئەزموونیەکەو هەڵبژاردنی جۆری لەباریش پەیوەندی هەیە بە جۆری گرفت و ئامانج و گریمانەکان (الحمدانی وأخرون، 2006، 156).

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزایینە بەست کە پێی دەوترێت دیزایینی ئەزموونگەری گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فان دالین، 2007، 303-304)، کە لە دوو گروپ پێکدێت گروپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزموونی بەپێی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان بابەت وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکراویش هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وەردەگرن، بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی گەشەپێدانی ئاڕاستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (2)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (2)

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشی | ڕێگای وانەگوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پێوەری ئاراستە | کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان | پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگەی ئاسایی | |

## 4-2 : هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:

لەسەر توێژەر پێویستە کۆمەڵەکان هاوسەنگ بن لە وەی کە پەیوەستە بە گۆڕاوەکانی پێوەندیدار بە توێژینەوەکەوە (فان دالین، 1985، 398).

ئەگەر چی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابوون لە گەڵ ئەوەشدا جۆرە هاوسەنگییەك پێکدێنن، بەڵام توێژەر بە پێویستی زانی جۆرە هاوسەنگییەك بکات لە هەندێ گۆڕاو، کە لەوانەیە کار بکاتە سەر گۆڕاوی کاتێکراو، گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

### 1 – تەمەنی قوتابیان:

توێژەر توانی لە ڕێگای دابەشکردنی فۆرمی زانیاری تایبەت بە قوتابییەکان و گەڕانەوە بۆ تۆماری تایبەت بە داتاو زانیاری قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە لەم قوتابخانەیەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامداوە، ڕێکەوتی لە دایکبوونی قوتابیان بەدەستبهێنێت، وە تۆمارکردنی داتای تایبەت بە تەمەنیان و هەژمارکردنی تەمەنیا بە مانگ بۆ ئەم مەبەستە تا ڕێکەوتی ( 2021/2/1 ) هەژمارکراوە، بەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆنترۆڵکراو لەم گۆراوەدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە نێوان ناوەندەژمێری گروپی ئەزموونی (209،583) و گروپی کۆنترۆڵکراو (212،043)، چونکە بەهای چاوەروانکراو (0،429) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە (0،05)، کەواتە قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن خشتەی ژمارە (3) ئەوە دەردەخات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (3) :ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەیی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پیوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ئەزمونی | 24 | 209.583 | 9.093 | -0.801 | 0.429 | بێ بەهایە |
| | کۆنترۆل کراو | 23 | 212.043 | 11.872 | | | |

## 2– ئاستی زیرەکی

توێژەر تاقیکردنەوەی (ڕاڤن- raven) ی بەسەر هەردوو کۆمەڵەی ئەزمووونگەری و کۆنترۆڵکراو دا جێبەجێکرد کە بۆ ژینگەی عێراق گونجاوە ئەم تاقیکردنەوەیە پێکهاتووە لە (5) کۆمەڵە (ا، ب، ج، د، ه) وە هەریەك لەم کۆمەڵانە پێکهاتووە لە دوانزە وێنە کە هەروێنەیەکیان (1) نمرەی لەسەرە واتا کۆی گشتی نمرەکان دەکاتە (60) نمرە کە قوتابی بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرە بەدەستدەهێنێت.

ئەم تاقیکردنەوەیە لەرێکەوتی (2021/2/9 ) جێبەجێکراوە بەسەرقوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە کە، دوای ئەنجامدانی کرداری ڕاستکرنەوە ی تاقیکردنەوەکە بە پێی ڕێنمایەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە، نمرەی بەدەستهێندراوی زیرەکی بۆهەریەك لە قوتابیانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە دیاریکراوە، ئەم نمرانەی بەدەستهێندراون خراونەتە ژێر چارەسەری ئاماری لەرێگای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی ( T.test )، بەمەبەستی دڵنیابوون لەنەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابیانی هەردووکۆمەڵەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێریەکەدا، گروپی ئەزموونی (34،458) و گروپی کۆنترۆڵکراو (32،696)، لەبەر ئەوەی بەهای چاوەروانکراو (0.435) گەورەترە لە رێژەی هەڵە (0،05)، کەواتە قوتابیانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لە زیرەکی دا. بڕوانە خشتەی ژمارە (4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (4) :ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەیی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری قوتابیانی هەردوو گوپ لە ئاستی زیرەکی دا

| تاقیکردنەوە | گروپ | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی | ئەزمونی | 24 | 34.458 | 6.352 | 0.789 | 0.435 | بێ بەهایە |
| | کۆنترۆل کراو | 23 | 32.696 | 8.824 | | | |

### 3 – ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی قوتابی:

مەبەست لە ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی قوتابی ئەوەیە، کە توێژەر بۆی ڕوونبێتەوە کە دایك و باوکی قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە خاوەنی چی ئاستێکن لەو ئاستانەی توێژەر دیاریکردووە، کە ژمارەیان (5) پێنج ئاستە (بێ بڕوانامە، بڕوانامەی سەرەتایی، بڕوانامەی ناوەندی، پەیمانگا، بەکالۆریۆس بەسەرەوە)، پاشان توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بەهای هەریەك لە ئاستەکان بەپێی خوێندەواری و بڕوانامەیان. بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

خشتەی ژمارە (5): ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی قوتابی

| ژمارە | ئاستی خوێندەواری | بەهاکان |
|---|---|---|
| 1 | بێ بڕوانامە | 1 |
| 2 | بڕوانامەی سەرەتایی | 2 |
| 3 | بڕوانامەی ناوەندی | 3 |
| 4 | پەیمانگا | 4 |
| 5 | بەکالۆریۆس بەسەرەوە | 5 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ـ ئاستی خوێندەواری باوکان:**

تویژەر ئاستی خویندەواری باوکی قوتابیانی لە دۆسیەی قوتابیان و لە کارگێری قوتابخانە و لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا، پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندەژمێریەکە تاقیکردنەوەی تائی ( T.test ) ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا. لە ئەنجامدا دەرکەت بەهای چاوەڕوانکراو (0،581) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەئاستی (0،05)، بەڵگەیی نەبوونی جیاوازی ئاماریە لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە، بەمەش هاوسەنگی کۆمەڵەکان دەردەخات لەم گۆڕاوەدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (6، 7) .

خشتەی ژمارە (6): ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | بێ بڕوانامە | بڕوانامەی سەرەتایی | بڕوانامەی ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس بەسەرەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 8 | 10 | 4 | 1 | 1 | 24 |
| کۆنترۆڵکراو | 8 | 7 | 5 | 2 | 1 | 23 |

خشتەی ژمارە (7): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆجیاوازی نێوان ئاستی خوێندەواری باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | بڕوانامەی باوک | | کۆی گشتی | بەهای (کای) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | خوێندەوار | | | | |
| ئەزموونی | 8 | 16 | 24 | 0.012 | 0.581 | بێ بەهایە |
| کۆنترۆڵکراو | 8 | 15 | 23 | | | |
| کۆی گشتی | 16 | 31 | 47 | | | |

**ـ ئاستی خوێندەواری دایکان:**

تویژەر ئاستی خویندەواری دایکی قوتابیانی لە دۆسیەی قوتابیان و لە کارگێری قوتابخانە و لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا، پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا، بۆ زانینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندژمێریەکە تاقیکردنەوەی تائی ( T.test ) ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا. لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای چاوەڕوانکراو (0،541) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەئاستی (0،05)، بەڵگەیی نەبوونی جیاوازی ئاماریە لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە، بەمەش هاوسەنگی کۆمەڵەکان دەردەخات لەم گۆڕاوەدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (8، 9).

خشتەی ژمارە (8): ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | بێ بڕوانامە | بڕوانامەی سەرەتایی | بڕوانامەی ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس بەسەرەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 16 | 7 | 1 | _______ | _______ | 24 |
| کۆنترۆڵکراو | 16 | 5 | 2 | _______ | _______ | 23 |

خشتەی ژمارە (9): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ئاستی خوێندەواری دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | بڕوانامەی دایك | | کۆی گشتی | بەهای (کای) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخوێندەوار | خوێندەوار | | | | |
| ئەزموونی | 16 | 8 | 24 | 0.045 | 0.541 | بێ بەهایە |
| کۆنترۆڵکراو | 16 | 7 | 23 | | | |
| کۆی گشتی | 32 | 15 | 47 | | | |

**4 – نمرەی پێشینەی بابەتی مێژووی شارستانیەت ساڵی پێشویان (دەیەمی ئامادەیی) بۆ ساڵی خوێندنی (2019 _ 2021):**

ئەوەی تایبەتە بەم گۆڕاوە، توێژەر هەڵساوە بە وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی توێژینەوەکە بۆساڵی پێشوو لە ڕێگای تۆماری تایبەت بە نمرەی قوتابیان لە قوتابخانەکە، پاشان ناوەندژمێری هەردوو گروپی دەرهێنا، کە گروپی ئەزموونی (68.042) و گروپی کۆنترۆڵکراو

(68.565) بوو بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری هەردوو گروپەکە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T.test)ی بۆ دوو گرووپی سەربەخۆ بەکارهێنا دەرکەوت بەهای چاوەڕوانکراو کە (0.886) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەئاستی (0.05)، بەڵگەی نەبوونی جیاوازی ئاماریە لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە، بەمەش هاوسەنگی کۆمەڵەکان دەردەخات لەم گۆڕاوەدا. بڕوانە خشتەی ژمارە (10).

خشتەی ژمارە (10): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵ لە بابەتی مێژووی شارستانیەت – پۆلی دەیەمی ئامادەیی

| گروپ | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 24 | 68.042 | 10.885 | -0.145 | 0.886 | بێ بەهایە |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 68.565 | 13.895 | | | |

**5 – پێوەری پێشان بۆ گەشەپێدانی ئاراستە:**

توێژەر پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆگەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو بەکارهێنا، بۆ پێوانی ئەم گۆڕاوە، توێژەر پێوەرەکەی بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد لە ڕێکەوتی (2021/2/7 )، پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا.

توێژەر تاقیکردنەوەی تائی ( T.test ) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بە مەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، دەرکەوت کە جیاوازی مانادار ئاماری نیە لە نێوان ناوەندەژمێری گروپی ئەزموونی (139.792) و گروپی کۆنترۆڵکراو (136.391)، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (0.475) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەسەر ئاستی (0.05)، کەواتە قوتابیانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لەم گۆڕاوە گەشەپێدانی ئارستە بەرەو بابەتی مێژوو. بڕوانە خشتەی ژمارد (11).

خشتەی ژمارە (11): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێوەری گەشەپێدانی ئارستە لە تاقیکردنەوەی پێشی لای قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 24 | 139.792 | 15.921 | 0.720 | 0.475 | بێ بەهایە |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 136.391 | 16.442 | | | |

## 5-2 : پێداویتستیەکانی ئەزموونەکە:

### 1-5-2 : دیاریکردنی بابەتەکە:

توێژەر پشتی بەست بە بابەتەکانی بەشی (یەکەم و دووەم)ی نێو کتێبی بۆ پۆلی یازدەهەمی وێژەیی کە پێکهاتووە لە (2) بەش بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو.

### 2-5-2 : دیاریکردنی بەشەوانەکان:

توێژەر بەپێی خشتەی وانەکانی قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستای بابەت ڕێکەوتن بۆ هەر هەفتەیەك (3) سێ وانە لە هەفتەیەکدا بگوترێتەوە لەلایەن مامۆستای بابەتی مێژوو بە هەردوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو. بڕوانە خشتەی ژمارە (12).

خشتەی ژمارە (12) دابەشکردنی بەشەوانەکان

| ڕۆژەکانی هەفتە | کۆمەڵەی ئەزموونکاری | کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو |
|---|---|---|
| شەممە | وانەی دووەم | وانەی چوارەم |
| دووشەممە | وانەی یەکەم | وانەی دووەم |
| چوارشەممە | وانەی پێنجەم | وانەی سێیەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-5-2 : ئامادەکردنی پلانی وانەگوتنەوە:

ئامادەکردنی پلانی وانە گوتنەوە یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەزموونەکە چونکە بە توانستە پیشەییە گرنگەکانی مامۆستا دادەنرێت و هۆکاری سەرکەوتنی وانە گوتنەوەیە (صابر، 2012، 72). لەم سۆنگەیەوە توێژەر پلانی وانە گوتنەوەی بۆ بابەتی مێژووی نوێی ئەوروپا بۆ پۆلی یازدەهەمی وێژەیی ئامادەکردووە بەشێوەیەك ( 15) پلان بۆ کۆمەڵەی ئەزموونگەری کە بە پێی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان وانەکانیان وەرگرتووە، وە (15) پلان بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوازی ئاسایی (باو) وانەیان وەرگرتووە. بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی پلانی وانە وتنەوەکان نموونەی ئەو پلانە خراوە تە بەردەم کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆران لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو و ڕێگاکانی وانە گوتنەوە بۆ وەرگرتنی راو بۆچوون و تێبینی و پێشنیارەکانیان دوای گەڕاندنەوەی سوود لە سەرنج و تێبینیەکانیان وەرگیرا.

### 6-2 : ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

### 1-6-2 : پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو

توێژەر پشتی بە پێوەری ئاڕاستەی توێژینەوەکەی (عبدالله 2014) بەستوە کە لە (40) بڕگە پێکهاتووە، توێژەر پێیوایە کە ئەم پێوەرە پێوەرێکی گونجاوە بۆ پێوانەکردنی ئاڕاستەی قوتابیانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە.

### 1-1-6-2 : ڕاستگۆیی پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو

مەبەست لە ڕاستگۆی پێوەر ڕادەو توانای پێوەرەکەیە لەسەر بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی لە پێناویەوە بۆی دانراوە و تەنیا ئەو شتە بپێوێ کە بۆ پێوانی دانراوە نەك شتێکی تر(عومەر رەشید، 2015، 59).

### 2-1-6-2 : ڕاستگۆی ڕوکەشی پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی پێوەرەکە، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و زانستە دەروونی و پەروەردەییەکان و پێوانە و هەڵسەنگاندن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی زانینی ڕا و بۆچون و ڕێنماییەکانیان بەمەبەستی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ پۆلی یازدەهەمی وێژەیی، پاش گەڕاندنەوەی پێوەرەکە و بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر ) و پشت بەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (80) و زیاتری حوکمدەران بۆ هەر بڕگەیەك، دوای ئەوەی ڕازیبوونی هەربەندێکی پێوەرەکە دەرهێنرا دەرکەوت هەموو بڕگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسندکران، بەم شێوەیە ڕاستگۆیی پێوەرەکە دەرهێنرا.

### 3-1-6-2 جێگیری پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە هەمان ئەنجام بداتە دەست یاخود نزیك لەو ئەنجامە ئەگەر چەند جارێك جێبەجێکرا لە بارودۆخێکی لێکچوودا. (عباس وأخرون، 2007، 266).

بۆ بەدەستهێنانی جێگیری ئەم پێوەرە توێژەر پەنای بۆ هاوکۆلکەی ( ئەلفاکرۆنباغ ) برد، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕێگەیە لە هەموو ڕێگاکانی تر گونجاوتر و گشتگیرترە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر تاقیکردنەوەی پێوەرەکەی ئەنجامدا لەسەر (60 ) قوتابی لە دەرەوەی نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە، کە لە ئەنجامدا بەهای ئەلفاکرۆنباغ گەیشتە ( 7.678 )، بەم شێوەیە بەهایەکی گونجاو و دروست بۆ جێگیری پێوەرەکە بەدەست هات.

### 7-2 : جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:

پاش ئەوەی توێژەر پێداویستیەکانی ئەزموونی تەواوکرد، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/2/7) دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی ڕێکاری توێژینەوەکەی، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/2/13) لەگەڵ مامۆستای بابەتەکە دەست بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە کرا بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بە ڕێژەی (3) وانە لە هەفتەیەك بۆ هەریەك لە کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بەمشێوەیە ئەزموونەکە (5 هەفتە)ی خایاند بەمەش لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/3/17) ئەزموونەکە کۆتایی هات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-8 : جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە و ڕاستکردنەوەیان:

### 2-8-1 : جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم : تاقیکردنەوەی پاشی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە:**

توێژەر بەسەرپەرشتی مامۆستای بابەت لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2021/3/29) ئەم پێوەرەی بەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە دابەشکرد لە یەك کاتدا، هەروەك پێشتر لەسەر هەردوو کۆمەڵەکە جێبەجێکرابوو لە بەرواری (2021/2/7)، بە مەبەستی هاوسەنگی لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە و زانینی ڕادەی گەشە بوون دوای تەواوبوونی ئەزموون.

### 2-8-2 : ڕاستکردنەوەی ئامرازەکانی توێژینەوە:

**یەکەم : پێوەری گەشە پێدانی ئاڕاستە:**

توێژەر لە سەرەتادا بە مەبەستی دەرخستنی ڕادەی هاوسەنگی کۆمەڵەکان ئەم پێوەرەی ڕاستکردەوە بۆ جێگرەوەکانی (زۆر ڕازیم، ڕازیم، بێ لایەنم، ڕازی نیم، بەهیچ جۆرێ ڕازی نیم) نمرەی (1، 2، 3، 4، 5) بۆ هەربڕگەیەك لە بڕگەکانی دانرا، نمرەی قوتابیەکانیش لە نێوان (40 – 200) نمرە دەبێت چونکە ژمارەی بڕگەکان (40) بڕگەیە.

## 2-9 : هۆکارە ئامارییە بەکارهاتوەکان:

بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوە، توێژەر ئەم ئامرازانەی ئامادەکردوە

1 – لادانی پێوەری.
2 – ناوەندە ژمێرەیی.
3 – تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ.
4 – تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار.
5 – چوارگۆشەی کای سکویر ($x^2$: Chi – Square) .
6 – هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ (a: AlphaCronbach) .
7 – هاوکێشەی جی کۆپەر (J.COOper Formula) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8 – هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون.

9 – هەگبەی ئاماری (21) Verson – Spss .

## 3 : خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا، بەمەبەستە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە ئەو بەشە خستنەڕووێکی ئاشکراو ڕوون دەگرێتەوە بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنیان لەسەر گریمانەکانی توێژینەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، لە ڕێگەی ئەو داتایانەی بەدەستی هێنابوو.

### 1-3 : گریمانەی سفری یەکەم:

جیاوازی واتاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گەشەپێدانی ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێری پێوەری گەشەپێدانی ئاڕستەی لەتاقیکردنەوەی پاشی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کە گروپی ئەزموونگەری (151.625 ) و گروپی کۆنترۆڵکراو (142.696 )، لە ڕێگەی بەکاهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T.test ) بۆ هەردوو گروپ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشی پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (0.041 ) بچووکترە لە ئاستی (0.05) ئەمەش واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونگەری دایە، واتە بەکاهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو دا کاریگەرییەکی باشتری هەیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەپێدانی گەشەی ئاڕستە بەرەو بابەتی مێژوو بە بەراورد لە گەڵ ڕێگەی ئاسایی بەکارهێنراو بۆ گوتنەوەی هەمان بابەت، بڕوانە خشتەی ژمارە ( 13).

خشتەی ژمارە (13): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەیی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە ی قوتابیانی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی پاشی دا

| گروپ | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 24 | 151.625 | 15.059 | 2.101 | 0.041 | بەهادارە |
| کۆنترۆڵکراو | 23 | 142.696 | 14.047 | | | |

کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایانبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی برێتی (بدیل) پەسند دەکرێت.

### 2-3 : گریمانەی سفری دووەم:

جیاوازی مانادراری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێری بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە لەتاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گروپی ئەزموونگەری دەرهێنا کە تاقیکردنەوەی پێشی (139.792) و تاقیکردنەوەی پاشی (151.625)، لە ڕێگەی بەکاهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T.test ) بۆ جاری یەکەم و دووەم، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانادراری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (0.001 ) بچووکترە لە ئاستی (0.05) ئەمەش واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە جیاوازی مانادراری ئاماری هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونگەری، واتە بەکاهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو دا کاریگەرییەکی باشتری هەیە لە گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتی مێژوو بە بەراورد لە گەڵ رێگەی ئاسایی بەکارهێنراو بۆ گوتنەوەی هەمان بابەت، بڕوانە خشتەی ژمارە (14 )

خشتەی ژمارە (14): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی لە نێوان جاری یەکەم و جاری دووەم بۆ کۆمەڵەی ئەزموونگەری لە پێوەری گەشە پێدانی ئاراستە

| ئەزموونی | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 24 | 139.792 | 15.921 | -4.53 | 0.001 | بەهادارە |
| جاری دووەم | 24 | 151.625 | 15.059 | | | |

کەواتە بە پێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایناوبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی برێتی (بدیل) پەسند دەکرێت .

### 3-3 : گریمانەی سفری سێیەم:

جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو.

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێری بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئارستە لەتاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو دەرهێنا کە تاقیکردنەوەی پێشەکی (136.391) و تاقیکردنەوەی پاشەکی (142.696)، لە رێگەی بەکاهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T. test ) بۆ جاری یەکەم و دووەم، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (0.001) بچووکترە لە ئاستی (0.05) ئەمەش واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، واتە بەکاهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو دا کاریگەرییەکی باشتری هەیە لە گەشەپێدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاڕاستە بەرەو بابەتی مێژوو بە بەراورد لە گەڵ ڕێگەی ئاسایی بەکارهێنراو بۆ گوتنەوەی هەمان بابەت، بڕوانە خشتەی ژمارە (15 )

خشتەی ژمارە (15): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی لە نێوان جاری یەکەم و جاری دووەم بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو

| کۆنترۆل کراو | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 23 | 136.391 | 16.442 | -5.203 | 0.001 | بەهادارە |
| جاری دووەم | 23 | 142.696 | 14.047 | | | |

کەواتە بە پێی ئەم ئەنجامە گریمانەی (سفری) کە توێژەر دایناوبوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی برێتی (بدیل) پەسند

**4 : دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان :**

**1-4 : دەرئەنجام :**

لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاکانەوە توێژەر توانی ئەم دەرئەنجامانە بەردەست بخات:

1 بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان وا لە قوتابییەکان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە

2 بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ قوتابیانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی کاریگەری کارا و بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەپێدانی گەشەی ئاڕاستە.

**2-4 : ڕاسپاردەکان:**

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان، گەیشتین بەم ڕاسپاردانەی خوارەوە:

1. بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان لە گوتنەوەی بابەتی مێژووی نوێدا لە قۆناغی یازدەهەمی ئامادەیی، شان بەشانی ڕێگە نوێیەکانی تری وانەگوتنەوە.

2. کردنەوەی خولی مەشق پێکردنی مامۆستایان بە مەبەستی ڕاهێنانیان لە سەر بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان و ناساندنیان بە ڕێگە نوێیەکانی تری وانەگوتنەوە.
3. داواکردن لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و سەرپەرشتیارانی زانستی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاندانی مامۆستایانی بابەت بۆ بەکارهێنانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان و ئە ڕێگا و شێوازانەی وانەگوتنەوەی کە قوتابی تەوەری سەرەکی وانەکەیە.
4. پێویستە مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی گرنگی بدەن بە دانانی کارامەیی فراوانکردنی درکپێکردن و داهێنان و ئەو ستراتیژ و ڕێگایانەی کە قوتابیان تەوەری سەرەکین لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، لە ناو کۆرس بوك و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی بابەتی ڕێگای وانەگوتنەوەی بەشەکانی نێو کۆلیژەکە دەڵێنەوە.
5. پێویستە مامۆستایانی قۆناغەکانی بنەڕەتی گرینگی بدەن بە گەشەپێدانی ئاڕاستەی قوتابیان ئەویش بە سود وەرگرتن لە پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە.

### 3-4 : پێشنیارەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند پێشنیارێك دەخرێتە ڕوو:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە، لە هەمان بابەت لە سەر قوتابیانی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لە ڕەگەزی نێر.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە لە هەمان بابەت، بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە، لە بابەتە جیاوازەکانی تری خوێندن.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە، بەڵام بەکارهێنانی پێوەری تر

## سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان :**

1. احمد، دارا اورحمان (2016)، کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر گەشەکردنی لێهاتووی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەریدا و ئاڕاستەکانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرامبەریدا، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلیمانی، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەیی هونەر.

2. بکر، ڕنگین صدیق، (2016)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی وانە گوتنەوەی ڕێکخراوەیی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

3. حەمەدەمین، ڕەمەزان، (2012)، ڕێگاو شێوازە تیوری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

4. حەمید، گۆران ئەحمەد، (2016)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی نەخشەی چەمکەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی مێژوو، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

5. زەرینکوپ، عەبدولحسەین (2001)، مێژوو لە تەرازوودا (فەلسەفەو لۆجیکی مێژوو)، وەرگێڕانی: د. قادر محمد حسن و سۆران بەهادین، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

6. سلێمان، هانی (2007)، کەسایەتی داهێنەر، وەرگێرانی: حەمە ڕەشید ماوەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی شەقامی مەولەوی.

7. عومەر ڕەشید، سروە عەلائەدین، (2015)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

8. عەبدولڕەحمان، ڕازاو محیەدین، (2014)، بەکارهێنانی سترتیژییەتی دۆزینەوەی ئاراستەکراو لە گوتنەوەی خوێندنەوەداو کاریگەریی لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتن لە خوێندنەوەداو ئاراستەکردن بەرەو خوێندنەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە )، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

9. عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان (2019)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی کارۆ – سلێمانی، چاپی یەکەم.

10. فەتاح، نیاز محمد (2018)، پرۆسەی پەروەردە لەسەردەمی جیهانگیری تەکنەلۆجیادا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم.
11. قاضی، ئەژی حمە (2016)، کاریگەری سیستەمی هێلکارییە مەعریفییەکان بە ستراتیژی (T.P.S) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلیمانی، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.
12. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2018)، سایکۆلۆژیای داهێنان (گەشەپێکردنی بەهرەکانی منداڵەکانمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێر،سلێمانی.
13. کەریم، ئالان پشتیوان، (2014)، بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکانی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نوسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر (بڵاو نەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
14. محمد، محمد أحمد (2021)، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپخانەی ماڵی راستی، چاپی یەکەم.

**دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان :**

15. البیاتی، عقیل عبدالحسین أحمد (2013)، فاعلیه استراتجیه التقویم البنائی فی التحصیل والاحتفاظ به اگلاب الأول المتوسط فی ماده التاریخ، رساله ماجستیر(غیر منشوره)، جامعه الدیاله، کلیه التربیه للعلوم الأنسانیه.
16. الجلاد، ماجد زکی (2006)، تعلم القیم وتعلیمها: تصور نظری وتطبیقی لطرائق واستراتیجیات تدریس القیم، الطبعه الثانی، دارالمسیره للنشروالتوزیع، عمان، الأردن.
17. الحمدانی و اخرون، عدنان الجادری، عامد قندیلجی، عبدالرزاق بنی هانی، فرید أبوزینه (2006)، مناهج البحپ العلمی، کتاب الأول (أساسیات البحپ العلمی، الطبعة الأولي ، مؤسسه الوراق للنشرو التوزیع، عمان-الاردن.
18. حمه امین، عثمان عبداله، (2012)، فاعلیه التدریس علی وفق برنامج کورت (CORT) فی تنمیه التفکیر الإبداعی والزکاء الوجدانی لدی تلامیز الصف السادس الأساسی فی ماده التربیه المدنیه، رساله ماجستیر (غیر منشورره)، جامعه سلیمانیه، سکول التربیه الأساسیه، سلیمانیه- أقلیم کوردستان عیراق.

19. حسين، پيمان صابر (2015)، فاعليةالمختبر الأفتراضي في التحصيل المعرفي وتنمية الأتجاه نحو التعليم الألكتروني لطالبات الصف العاشر في مادة الكيمياء، رسالة ماجستير (غير منشوره)، جامعة صلاح الدين، كلية التربية الأساسية، أربيل- أقليم كوردستان عيراق.

20. دى بونو، إدوارد (2007)، برنامج كورت لتعليم التفكير، ترجمه: ناديا هايل السرور و ثائر غازى حسين، الطبعه الأولى، بيانات النشر، داراديبونو للنشر والتوزيع، عمان.

21. دى بونـــو، إدوارد (2008)، برنـــامج الكـــورت لتعلـــيم التفكيـــر الجـــزء الأو توســـيعه مجـــال الإدراك، تـــرجمه : دينـــا عمـــر فيظـــى، الطـــبعه الأولـــى، دارالفكـــر ناشـــرون وموزعـــون، عمـــان، الأردن.

22. صـــابر، تانيـــا نورالـــدين (2012)، أثـــر اســـتراتيجيتى العـــروظ التقـــديمه (p.p.t) و الخـــرائط الـــزهنيه فـــى تحصـــيل طالبـــات الصـــف الثـــامن الأساســـى فـــى مـــاده العلـــوم الاجتمـــاعيه و دافعيـــتهن نحـــو الـــتعلم، رســـاله ماجســـتير (غيـــر منشـــورره)، جـــامعه ســـليمانيه، ســـكول التربيه الأساسيه، سليمانيه- أقليم كوردستان عيراق.

23. عبـــاس، محمـــد خليـــل واخـــرون (2007)، مـــدخل الـــى منـــاهج البحـــث فـــى التربيـــه و علـــم النفس، الطبعه الاولى، دار المسيره للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

24. عبداله، سامان احمد (2014)، استخدام المجعات التعليميه فى تعليم الجغرافيه وأثرها فى التحصيل والاتجا نحوها، رساله ماجستير (غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه التربيه الاساسيه، أربيل – اقليم كوردستان – عيراق.

25. عبجل، منى خليفه (2008)، اثر استعمال طريقتى الاستقصاء والمناقشه الجماعيه فى تنميه التفكير الابداعى والاتجاه نحو ماده التاريخ لدى طالبات الصف الأول فى معهد إعداد المعلمات، اطروحه الدكتوراه (غيرمنشوره)، جامعه بغداد، كليه التربيه ابن رشد.

26. العباجى، ندى فتاح زيدان زنون (2002)، اثر برنامج الكورت التعليمى فى تنميه بعظ مهارات (الادراك – التفكير الناقد – التفكير التقاربى) لدى طلاب ثانويه المتميزين فى محافظه نينوى، اطروحه الدكتوراه (غير المنشوره)، كليه التربيه، جامعه الموصل.

27. عارف، كارزان محمد (2015)، أثر برنامج تعليمى متعدد الوسائط فى تحصيل طلبه قسم العلوم الإجتماعيه فى ماده الجغرافيه الطبيعيه وإتجاهاتهم نحوهما، رساله ماجستير (غير منشورره)، جامعه صلاح الدين، كليه التربيه الأساسيه، أربيل- أقليم كوردستان عيراق.

28. فـان دالـين، ديـو بـولاب (2007)، مـنهج البـث فـى التـربيه و علـم الـنفس، تـرجمه : نبيـل نوفل و اخرون، مكتبه الأنجلو المصريه، القاهره-مصر.
29. فـان دالـين، ديـو بـولاب (1985)، منـاهج البحـث فـى التـربيه و علـم الـنفس، تـرجمه محمـد نبيـل نوفـل و أخـرون، الطبعـة الثالـث، مكتـبه الانجلـول ال مصـريه، القـاهره، جمهوريه مصر العربيه.
30. ناصـر، كريمـة كوكزخضـر (2003)، أثـر برنـامج مهـارات الإدراك والإبـداع فـي تنميـة التفكيـر الإبـداعي بحسـب مسـتويات الـذكاء والتحصـيل لـدى تلاميـذ المرحلـة الإبتدائيـة، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

**سێیەم : سەرچاوە بیانیەکان :**

31. De Bono, E. (2009): A De Bono teachrs' academy program, CoRT thinking lessons. CoRT: perceptual breadth the complete learning, planning, and teaching guide for teachers, administeators, and home schoolers. USA: the opportunity thnker.
32. Worshman A.(1983). The effect of teaching thinking skill on (Sat) (poient) scores. Educational Leadership . V.o 41.No3.

## The Effect of Using Comprehension and creativity Skills on the Growth of Students in the Eleventh Grade in History Subject

**Ameera Hussein Shreef**
Department of Social science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
amerrahussain374@gmail.com

**Asst. Prof. Farhad Ali Mustafa**
Department of Physical Education, College of Education of Shaqalawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Farhad.mustafa@su.ed.krd

**Asst. Prof. Miqdad Hussen Taha**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

taha@su.edu.krd

***Keyword:*** *Perception, Creative, Attitude, History, Gender(female).*

## Abstract

The effect of using the skills of expanding comprehension and creativity is one of the modern ways that develops students skills so as to use their thinking tools.

The research includes these goals:

1- Determining the efficiency of the use of expanding compression and creativity skills in developing the direction of eleventh-grade literary students in the subject of history.

2- Determining the difference between the first and the last exam in the development of the direction towards the subject of history in the experimental community.

3- Determining the difference between the first and the last exam in the development of the direction towards the subject of history in the controlled community.

The researcher has used experimental design for two research groups in such a way that the experimental group, have been taught based on the skill of expanding their understanding and expansion, while the controlled group has been taught normally.

- The criteria used in this study are:

The directional development criterion consisting of (40) sections.

After analyzing the data with SPPS-Version21, the researcher reached to the following conclusion:

1- The existence of statistical value differences at the level of (0.05) between the Student Center of the Experimental Society and the Controlled Society in the direction of development in the subject of history in the interest of the Experimental Society.

The researcher reached the following conclusion:

1 - Using the comprehension and creativity skills in the direction of the development of directions toward subject of history plays a significant role, and it makes the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

students more effective and becomes the main focus of the lesson compared to the used method.
The researcher outlined a number of recommendations: to use the skills of expanding comprehension and creativity in teaching history, to open teacher training courses for the purpose of training them on the use of this method;

**الملخص**
تأثير استخدام التوسيع الإدراك والإبداع في التنمية الاتجاهات لطلاب المرحلة الحادية عشرة / الفرع الأدبي ، في موضوع التاريخ"
يعد تأثير التوسعة الإدراك والإبداع إحدى الطرق الحديثة ، التي تنمي خبرة الطلبة ؛ لكي يستخدموا وسائل التفكير والتأمل.
إن البحث يضم الأهداف التالية:
١ -تأثير استخدام التوسيع الإدراك والإبداع في التنمية اتجاهات لطلاب المرحلة الحادية عشرة الأدبي في مادة التاريخ.
٢ -التعرف على الفروق بين الاختبار القبلي والبعدي في التنميةالاتجاهات نحو مادة التاريخ من خلال المجموعة التجريبية.
٣ -التعرف على الفرق بين الاختبار القبلي والبعدي في التنمية اتجاهات نحو مادة التاريخ من خلال المجموعة الضابطة.
استخدمت الباحثة في تصميم التجربة إلى مجموعتين اثنتين ، الأولى : بطريقة المجموعة التجريبية التوسيع الإدراك والإبداع ، للذين أخذوا المحاضرات والدرس . والثانية : المجموعة الضابطة بشكل التقليدي اخذوا المواد الدراسية .
المقاييس المستخدمة لهذا البحث ، هي:
مقياس التنمية اتجاهات ، الذي يتألف من (٤٠) أربعين فقرة.
بعد تحليل المعلومات عن طريق برامج (SPPS Version 21) ، توصلت الباحثة إلى النتائج التالية:
١ -وجود فروق ذات دلالة الإحصائية على مستوى (٠،٠٥) ، بين متوسط الحساب طلاب المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة في التنمية الاتجاهات نحو مادة التاريخ ، لمصلحة المجموعة التجريبية.
نتائج البحث:
١ -إن استخدام التوسيع الإدراك والإبداع في التنميةالاتجاهات نحو مادة التاريخ ، له تأثير إيجابي ، في جعل الطلاب أكثر نشاطا ، وكذلك جعلهم عنصرا أساسيا للمادة ، مقارنة بالطريقة التقليدية.
المقترحات
١ _استخدام التوسيع الإدراك والإبداع في رواية المادة التاريخية.
٢ _فتح دورة تدريبية لتطوير مهارة الأساتيذ لغرض التدريب على استخدام هذه الطريقة.